# ڕەهەندەکانی تەکنۆلۆجی و فەلسەفە لە چوارچێوەی میتۆددا

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

١- کەمکردنـەوەی نەهامەتـی و ئێـش و ئـازار و سـەختییەکانی ژیـان، هەمیشـە هاندەرێکـی سـەرەکی دەرکەوتنی داسـتان و ئایین و فەلسـەفە و سیاسـەت و زانسـت بـووە کـە ئامـرازی کاڵکردنـەوە- وەک جۆرێـک لـە چارەسـەر دەربکـەون-، کەچـی بەپێـی پەرەسـەندنی ژیـان و کولتـوور و شارسـتانیەت، نەتوانـراوە ئـەو کێشـە و نەهامەتییانـە بنەبـڕ بکرێـن، بەڵکـوو هەندێکیـان لـە وردەکارییەکانـدا جـۆرە گۆڕانکارێکیـان بەسـەردا هێنـراوە، بـەڵام لـە چوارچێـوە گشـتییەکەیاندا بـەردەوام بوونـی خۆیـان لـە دەسـت نـەداوە، هەروەهـا بەپێـی قۆناغەکانـی پەرەسـەندنی مێـژووی ژیـان و کولتـوور، لـە ڕوخسـار و ناوەرۆکـدا، وەک دیاردەیەکـی ژیـان، لەگـەڵ ڕەوشـی لـە ئارادابـوو هاتوونەتـەوە. کێشـەی مرۆڤـی ڕۆژهەڵاتـی، پێـش دەرکەوتنـی هەرسـێک دیـاردە کۆمەڵایەتییـەکان (جـوو، مەسـیحی، ئیسـلام) جیـاواز بـووە لـە هیـی سـەردەمی جێگیربوونـی ئـەو سـێ دیاردەیـە.

ئەگـەر دیـاردە کۆمەڵایەتییەکانـی پێـش زاییـن هەمەڕەنگییەکـی سەرنجڕاکێشـی بەرجەسـتە کردبـێ، وەک ئامـراز، کێشـەکانی ژیـان مایـەی ئـەو جـۆرە دۆخـە بـوون، بـەڵام واپێدەچـێ ئـەو هەمەڕەنگییـە بەپێـی بنەمـا بنەڕەتییەکانـی پەرەسـەندن، جێگـەی بـۆ ڕەوشـی یەکتایـی (یـەک ڕەنگـی) چـۆڵ کردبـێ.

– ئەگەر ئەو یەکڕەنگییە لەلایەن و چەند ڕەهەندێکیدا جۆرە پێشکەوتنێکی نیشان دابێ، لەلایەن و ڕەهەندێکی دیکەدا گۆڕانەکە گەڕانەوە بووە بۆ دواوە (ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار)، ئیتر زەمینەی بۆ دەسەڵاتی تاکی بێ سنوور و ڕەها دەستەبەر بووە.

– بە مەبەستی توێژینەوە و تاووتووکردن، پشت ئەستوور بە میتۆدەی ژیرەکی فەلسەفە، پرۆسەی دیالێکتیکی هیگڵ سەرئاودەکەوێ، تێزەکە ئایینی عیبرانی جووەکانە.

دژەتێزەش ئایینی عیسای مریەمە.

پێکهاتە لە تێزە و دژەتێزە جیهانی مسوڵمانان بەرجەستەی کردووە. ئایا دەکرێ لەمە بەولاوە لێکدانەوە و شرۆڤەکردنێکی دیکە گریمانە بکرێ؟ لە تایەفەی مووسادا پێ لەسەر (سزادان) داگیراوە، لە مەسیحیەتدا (بەزەیی و خۆشەویستی) دروشمی سەرەکی بووە، تەنانەت ڕەب ئەوەندە بەندەکانی خۆش ویستووە، یەسووعی ناردووە کەفارەتی گوناهی بەندەکان بدات. لەلای موسڵمان هەردوو لایەنەکە بە یەکەوە کۆکراونەتەوە و یەکەیەکی یەک ڕەنگیان لێوە ڕەنگ ڕشتووە. قسە لە (بەخشندە و میهرەبانی و بە توندی سزادان) کراوە وەک بنەمایەکی ئەگەر و گومان هەڵنەگر.

– ئەگەر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەژێر هەژموونی سێ ئایینە ئیبراهیمییەکەدا ئایین و داوودەزگاکانی بە پشت بەستنی بە سرووش (وەحی) و تێکستە ئایینییەکان بە ئامرازی چارەسەرکردنی ژیانی دنیا و دوای مردن دانرابێ، فەلسەفە پەراوێز خراوە، ئەو پەراوێزخستنە لە دوو چەمکدا چڕ بووەتەوە:

پێوەندی نێوان سرووش و ژیر کە زۆر جار بە کێشەی نێوان (ژیر و نەقل) پشت بەستن بە تێکستە ئایینی و ڕێنماییەکانی لاهووت و تەلموود و شەریعەت، بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بووە، ئەوجا (ژیر) وەک ئەو ئامرازەی کە ڕەوتی یەکەم پێی لەسەر داگرتووە.

ئەو ڕەوشی پەراوێزخستنی فەلسەفە، دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی ئایینی سەدەکانی ناوەڕاست و دەرکەوتنی کاروانی زانست لە ئاسۆی بەندەنە بەرزەکانی ژیان و کۆمەڵگەوە، پێی ناوەتە قۆناغێکی دیکەوە، زانست بە پێی پرۆگرامێکی ڕەنگ بۆڕێژراو ئەو چالاکییەی ڕکابەریکردنی فەلسەفەی درێژەپێداوە، تەنانەت ئەو تۆمەتەی خستووەتە پارسەنگی فەلسەفە و فەیلەسووفانەوە کە هیچیان پێ نەماوە بیڵێن و بینووسن، چونکە زانست بە هەردوو بەشی ئەزموونی و ڕوخسارەکی وەڵامی پرسیارەکان و یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی لە لایەنی سروشتیش بۆ سوود و قازانجی مرۆڤ وەبەر دەهێنێ.

– لەلایەکی دیکەوە زانست بەگژداچوونەوەی کاروباری ئایینی، بەوپەڕی زیرەکانە بە سیاسەت سپاردووە و سیکۆلار (عەلمانیەت) وەک گورگەکەی هەیاسی خاس لە بەرانبەریدا قیت کردووەتەوە، ئەوجا زانایان لەوە دڵنیان کە پیاوانی ئایینی (حاخام و کەشیش و مەلاکان) ئەو ئالینگارییە ناکەن و توخنی زانا و زانست ناکەون، چونکە باش لەوە دڵنیان کە زانست بابەتی کاروباری دنیایە و ئایین پشت دەکاتە ئەم جیهانە (ترک الدنیا وراء القفا)، بێجگە لە ئایەتی (لن یفیدکم مال ولا بنون الا من اتى الله بقلب سليم).

٢ – چارەنووسی فەلسەفە هەر لە سەرەتاوە بە جۆرێکی دیکە بووە. لە سەردەمی یۆنانەوە (پێش زایین) دۆست و ڕکابەری هەبووە.

خۆی لەخۆیدا بەرهەمی کاری هزری مرۆڤی بەهرەمەندە، بەشێکە لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگە. فەیلەسووف مرۆڤە و هیچ کاتێک ئەو لافەی لێ نەداوە کە ئەو ڕێبازەی ڕەنگی ڕشتووە و ئەو بیروبۆچوون و بنەما و بڕیار و ڕێسایانەی دەست و پێشکەشی هاووڵاتیانی کردووە، لە جیهانێکی سەرووەوە وەک پەیامبەر پێی گەیشتبێ، بەڵکوو ئەوەی لە کەشکۆڵ و هەمبانە بۆرینەکەیدا هەبووە و هەڵی ڕشتووە، بەروبوومی کۆشش و بەکارهێنانی هێز و توانستە تایبەتییەکانی ڕامان و بیرکردنەوە و پەی پێ بردنی بووە. لێرەوە بیروبۆچوون، جیهاندید، ڕێباز و قوتابخانەی جۆر بە جۆر و هەمەڕەنگی هزری، ئەزموونی، ئەدەبی و فەلسەفە و هونەر پەیدا بوون.

– ئیتر فەلسەفە هەر لە سەرەتاوە پێویست بووە لەسەری، جیا لەو ئەرکەی لە ئەستۆیدا بووە و لێبڕاوانە چووەتە ژێر باریەوە، لە دوو بەرەدا بەرانبەر بە ڕکابەر و ناحەزانی لە سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەدا بازووی چالاکی لێ هەڵماڵێ و لەخۆبوردووانە کۆشش بکات:

**یەک:** دژی ئەو ڕکابەرانەی کە گومانیان لە بوون و سوود و قازانجی فەلسەفە کردووە، تێبکۆشێ و پشت ئەستوور بە ژیر و لۆجیک و بەڵگەی شیکاریی و ڕەخنەگرانە شمشێر و تیروکەوانەکانیان لە دەست دەربهێنێ.

**دوو:** ڕووبەڕووی ئەو هەوڵە ببێتەوە کە درابوو بۆ ئەوەی فەلسەفە بکەن بە بابەتێکی پاشکۆی (ئایین، سیاسەت، ئایدیۆلۆجی، زانست).

خۆ ئەگەر ئەو هەوڵانە لە قۆناغێکی دیاریکراودا تاڕادەیەک سەرکەوتنیان بە دەست هێنابێ، دواتر فەلسەفە خۆی گرتووەتەوە و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچووە و سەربەخۆیی خۆی بە دەست هێناوەتەوە.

– لە کۆتایی سەدەی حەڤدە و سەرانسەری سەدەی هەژدە و نۆزدە تا ئەم سەردەمە زانستەکان پەرەسەندنێکی شۆڕشئامێزی سەرسوڕهێنەری سنوور بەزێنیان کردووە. لەو ڕەوشەدا کە بارگۆڕینی چاوەڕواننەکراوی، لە گشت کایەکاندا بەرپاکردووە، جیهان بە گشتی بووە بە گوندێکی بچووک، ئەوەی بە بیری مرۆڤی ئاساییدا نەهاتووە، بووەتە ڕاستییەکی گومان هەڵنەگری هەست پێکراو و بەچاو دیتراوە! بەڵام ئەو پەرەسەندن و بارگۆڕینە و شکۆمەندی مرۆڤ دووپات دەکاتەوە و هیچ ناچار نییە پشت بە هیچ هێزێکی سەرووسروشتی ببەستێ و خۆی لە تواناییدا هەیە پشت ئەستوور بەهێز و توانایی خۆی کێشەکانی ژیانی چارەسەر بکات و بەو جۆرە بژی کە خواستی ئازادی خۆی بڕیاری لەسەر دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێشکەوتنەی زانستەکان لایەنی نالەبار (نێگەتیڤی) بەدوادا هاتووە:

هەلومەرج و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان بە گشتی، لەگەڵ ئەو پەرەسەندنەدا، لە جاران سەخت و دژوارتر بوون. کێشە و بەرە نێودەوڵەتییەکان، چەکی کاولکار و کوشتاری بە کۆمەڵ، ژینگە و دەوروبەر، لە هەڕەشە و گوڕەشە و گەفی قڕکردن و کاولکاریدا پشکی شێریان بەرکەوتووە.

لەلایەکی ترەوە ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە فەلسەفەوە هەیە، زانستەکان لە لقەکانی تری کولتوور بێ منەت بوون! ئەوجا ئەو پرسیارانەی ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە بوونی مرۆڤەوە هەیە، پشتگوێیان خستوون. زانست وێنەیەکی جیهان دەکێشێ کە پشت بە تێبینیکردن و ئەزموون و تاقیکردنەوە دەبەستێ، ئیتر لەو وێنەیەدا بوونی مرۆڤ و ژیانی، نە جێگەیان دەبێتەوە،

نـە بایەخیـان پـێ دەدرێ (هوسـەرڵ ١٩٩٦، ل٤ بە ئەڵمانـی).

بۆیـە نـەوەی نـوێ ئـەو بـاوەڕەی جارانـی بـە زانسـت نەمـاوە و وای دادەنـێ کـە لـە بـوون و ژیـان و کێشـەکانی مـرۆڤ نامـۆ بـووە!

- بـە پێچەوانـەوە لەسـەردەمی تەکنۆلۆجیـادا فەلسـەفە پتـر لـە ژیـان نزیـک بووەتـەوە و بابـەت و پرسیارەکانی گەرموگوڕییـان لـە دەست نـەداوە. خـۆ ئەگـەر قسـە لـە تەنگژەی فەلسـەفە بکرێـت، ئەمـە ڕەنگدانـەوەی تەنگـژەی ژیـر و بەهـا و ئـاکاری کۆمەڵگـەی مـرۆڤ و پێوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـە. کێشـە و بـەرەی نێـو نەتەوەیـی ئەگەرچـی سروشـتی گـەل و میللەتـان و مرۆڤـی پێـوە دیاربـێ، لـە خۆیـدا و بەڕاسـتی کێشـە و بـەرەی نێـوان ڕێبازەکانـی فەلسـەفەیە و لەوێـدا چـڕ بووەتـەوە!

٣ - لـە چوارچێـوەی ئـەو تەنگژەیـەدا کـە بەرۆکـی زانسـتە مرۆڤییەکانـی گرتـووە، بـە تایبەتـی فەلسـەفە، کڵێسـەی مەسـیحی هەنـگاو بـە هەنـگاو، بـۆ دەربازبـوون لـەو تەنگژەیـە، لـە پرۆسـەیەکی درێـژ خایەنـدا، جـۆرە نەرمونیانییەکـی نیشـان داوە، دەسـتبەرداری پاشـماوەی دەسـەڵاتە سیاسـییەکە بـووە و گەڕاوەتـەوە بـۆ جێگـەی ڕاسـتەقینە و (شـیاوی) خـۆی، جیهانـی کڵێسـە و دامودەزگاکانـی ئایینەکـە، سـەرەڕای کاروبـاری ئایین کـە ئەرکـی سـەرەکی سەرشـانی بـووە، دەسـتی بـە جێبەجێکردنـی کاری خێرخـوازی، یارمەتیـدان و بـە تەنگەوەهاتـن و پشـتگیریکردنی دامـاو و لێقەوماوانـی سەرانسـەری جیهانـی کـردووە. ئـەم هەڵوێسـتەی تاڕادەیـەک مێـژووی سـەدەکانی ناوەڕاسـتی کڵێسـەی مەسـیحی (دادگای پشـکنین)ی پـڕ زەبروزەنگـی لەبیـر مرۆڤـی سـەردەم بردووەتـەوە.

- هەر لەو ڕەوش و کەشوهەوایەدا ئەو پرپشکانەی بـەر فەلسـەفە و فەیلەسـووفان کەوتـوون، ئـەو تۆمـەت و گازندەیەیـان بەرجەسـتە کـردووە کـە خراونەتـە پارسـەنگی فەلسـەفەی سـەردەمەوە:

**یەک:** فەلسـەفە بـە تەمـەن لـە زانسـت کۆنتـرە، بگـرە لەسـەردەمێکدا بـە دایکـی زانسـتەکان دانـراوە، کەچـی تـا ئێسـتا هـەر گیرۆدەی دەسـتی چەنـد پرسـیار و کێشـەیەکە و پێیانـەوە دەناڵێنێ! بـە بـەراورد بـە زانسـتەکان پەرەسـەندێکی سـەرتاپاگیری بـە خۆیـەوە نەدیـوە، بابەتەکانـی گەرموگـوڕی جارانیـان نەمـاوە، بـەڵام لـە دەسـتی نـەداون، ئەمـەش بووەتـە مایـەی ئـەوەی تاڕادەیـەک لـە بەشـی فەلسـەفە و زانکۆکانـدا بـە جـۆرە چەقبەسـتووییەک قەتیـس بمێنێتـەوە!

**دوو:** چەنـدان نـەزم و سیسـتم و ڕێبـاز و ئاراسـتە جۆراوجـۆری فەلسـەفە، هـەر لـە سـەردەمی یۆنانـەوە تـا ئەمـڕۆ بـەدوای یەکتریـدا هاتـوون، یـان شـان بـە شانی یەکتـری دامـەزراون بـە ڕێبـازی ئایدیالیـزم و مەتریالیـزم و ڕیالیزمـەوە، بـەڵام ئـەم هەمـوو ڕێبازانـە نـەک هـەر هـاوکاری و تەبایـی لەنێوانیانـدا هەسـت پـێ نەکـراوە، بگـرە تـەواوکاری یەکتریـش نەبوون، بەڵکوو لـە یەکتـری چوونەتـە سـەنگەرەوە و شـیروتیریان لـە یەکتـری سـویەوە. لـە مێـژووی درووودرێـژی فەلسـەفەدا بـە دەگمەن دوو فەیلەسـووف بەرچـاو دەکـەون کـە لـە چالاکییەکانیانـدا لەگـەڵ یەکتـری تەبابووبـن و پێکـەوە هاتبنـەوە، یـان گازنـدە و ڕەخنەیـان لـە یەکتـر نەگرتبـێ!

**سـێ:** لـە بەرانبـەر ئـەم دیمەنـە هەڵکەوتـەدا، زانسـتەکان بـە پێچەوانـەوە، تـەواوکاری یەکتـری بـوون، کۆشـاون کەموکورتـی و کەلەبەرەکانـی قۆناغـی پێشـتر پـڕ بکەنـەوە، پەرەیـان سـەندووە، ئەنجامـی وایـان لـێ کەوتووەتـەوە، سـەرتاپای ژیـان و کۆمەڵگـە و شارسـتانی و کولتووریـان لـە وردەکاری و ڕەهەنـدە گشـتییە هەمەکییەکـەدا

گرتووەتەوە و بەرەو پێشیان بردوون.

٤ – ڕاستە فەلسەفە لە هەندێک بابەت و ڕەهەنددا دووچاری کێشە و بەرە بووە، هەروا بەبێ هۆکار ئەو تۆمەتانەی ناخرێتە پارسەنگەوە. ئەو ڕەوشە لە خۆیدا، لە بەشێکیدا لە بە هەڵە تێگەیشتنی فەلسەفە و ئامراز و ئامانجەکەیەوە کەوتووەتەوە، فەلسەفە چی بکات و چاوەڕێی چی لێ دەکرێ؟

ئەو پرسیارەی لێرەدا سەر ئاودەکەوێ: ئەو ڕەوشەی فەلسەفە کە بە تەنگژە ناودەبرێت دیاردەیە، یان لە سروشتی ناو جەرگەی فەلسەفە خۆیەوە سەرچاوە دەگرێ؟ ئایا دەکرێ فەلسەفە کە کۆنترین و دێرینترین پێکهاتەی کولتووری مرۆڤە لە بەرانبەر زانست و تەکنەلۆجیادا دەستبەرداری ئەرکی سوننەتی خۆی ببێ و ببێ بە پاشکۆی بابەتێکی دیکە؟ ئایا ئەو مەرجانەی ژیان کە مایەی پەیدابوونی فەلسەفە بوون، پاشەکشەیان کردووە، یان...؟

ناکرێ ئەم دۆخە دیاردە بێ! چونکە دیاردە خەسڵەتی کاتیانە و کاتەکی هەیە، ئەگەر هۆکار پەیدابوونەکەی نەما، خوێشی لەبەرچاو نامێنێ و ماڵئاوایی دەکات.

ئەو جۆرە گازندەیە کە یەخەی فەلسەفەی گرتووەتەوە، تایبەتمەندی سروشت و گەوهەری فەلسەفە لە بەرانبەر زانستەکان و بابەتەکانی دیکەی کولتووری مرۆڤایەتیدا پشتڕاست دەکاتەوە. جیاوازی بیروبۆچوون (جیهان دید و وێنەی جیهان)، ڕێکنەکەوتن و جیاوازی و پێکەوە نەهاتنەوەی فەلسەفە لەگەڵ زانست بە هیچ جۆرێک کەموکووڕیی و نەنگی نییە، بەڵکوو گەوهەر و ڕەسەنی و زیندوویی فەلسەفە دووپات دەکاتەوە. گەرموگوڕیی تەوژمی خوێنی شادەمارەکانی بەرەو گۆڕانی دیسپلینی و نوێبوونەوە و هاتنەوەی لەگەڵ پرۆسەی نەسرەوتی ژیان پشتڕاست دەکاتەوە.

فەلسەفە پشکێکی سەرەکی هۆشیاری کۆمەڵایەتییە (سەرخانی کۆمەڵگەیە) لە کێشەکانی ژیانەوە پەیدابووە. هەمەڕەنگیی و پێز و بڕستی چالاکی ژین دەردەبڕێ. بەردەوامییەکەی توندوتۆڵ بە پرۆسەی نەسرەوتی گوزەرانی مرۆڤەوە، لە کۆمەڵگەدا بەندە.

– ئەگەر لەم سەردەمەدا، تەکنۆلۆجیا بێ ڕکابەر سوارچاکی گۆڕەپانی ژیانە، بەناوی زانستەوە، گومان لە ڕەوایەتی و شایستەیی ڕۆڵی فەلسەفە و ئامانج و ئەنجامەکەی بکرێ. ئەو هەڵوێستە گومانکارییە لە ئاقاری فەلسەفەدا دوو لایەن دەگرێتەوە:

**یەک:** میتۆدەی چالاکی فەلسەفە، ئەو گازندەیە بەوە کاڵ دەبێتەوە کە بزانرێ، ناکرێ میتۆدەی زانستەکان کە توندتۆڵ بە ماددە و کەرستەی مردووی بێگیانی سروشتەوە بەندە، لە فەلسەفەدا پەیڕەو و جێبەجێ بکرێ. فەلسەفە پابەندی کێشەکانی ژیان و مرۆڤ و کۆمەڵگەیە، ئەمانەش نموونەی – دینامیکی – زیندوون. سەرنەکەوتنی هەوڵەکەی کانت بۆ بە زانست کردنی میتافیزیک بەڵگەیەکە ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە. فەلسەفە سوود لە ئەنجام و دەسکەوتەکانی زانست وەربگرێ، شتێکە و بوون بە زانست، یان دەست بە دامێنی زانستەوە بگرێ، شتێکی دیکەیە!

**دوو:** ناوەڕۆک و بابەتی لقەکانی فەلسەفە پێویستە جۆرە گۆڕانێکیان بەسەردا بێ و هەندێک چەمک دوور بخرێنەوە.

لەو گازندەیەدا میتافیزیک پشکی شێری بەردەکەوێ، ئەم گۆڕانە، هەروەها هەردوو بابەتی تیۆری زانین و بابەتی ئاکاریش دەگرێتەوە.

– ئاکار خەریکە بە تەواوەتی ماڵئاوایی لە

فەلسەفە دەکات، لە قەراخ گۆلی سۆسیۆلۆجی و زانستی تاوان دەگیرسێتەوە. تیۆری زانین ناکرێ دەستبەردانی هزر و هەست و سۆز و بۆچوون ببێت، ئەوانەش لەگەڵ سایکۆلۆجیدا کۆی دەکاتەوە، بەڵام لەنێوان هەردووک بابەتەکەدا سنووری دەستنیشان کراوە ڕەنگڕێژکراوە، بەڵام لە میتۆدە و کەرەستەی توێژینەوەدا هەریەکەیان سەربەخۆیی و تایبەتمەندی خۆی هەیە. سەردەمێک سایکۆلۆجی لقێکی فەلسەفە بووە و لێی جیابووەتەوە، بەڵام تیۆری زانین هەر لە چوارچێوەی بنەماڵەکەدا چالاک و کارایە. ئەو ڕەوشە ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە:

بوون لە خۆیدا هەمەڕەنگ، فرەڕەهەند و هەمەچەشنە و پاوانی جۆربەجۆرە، بۆیە بەپێی نەزم و ڕێکوپێکی بەسەر لقەکانی زانستەکان و بابەتەکانی تردا دابەش بووە، دابەش بوونێک بە مەبەستی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، ئیتر هەر لقە بەپێی سروشتی خۆی و ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە، لایەنێکی ئەو (بوونەی) کردووە بە کەرەستەی چالاکی و کاری لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، ئەمەش بە پیت و پێزیی و بە بڕشتیی ژیان خۆی بە چاکترین شێوە و شێواز دەردەخات و بەرجەستەی دەکات، ئەوەی هەیە و لە ئارادا بووە و ئێستاش بەردەوامی هەیە، هەردەبوو هەبووبێت بەو جۆرەی لە ئارادایە و نەدەکرا بە جۆرێکی دیکە بێت، ئەمە بڕیاری ژیر و لۆجیکە و بژاردەی پرۆسەی مێژووییە، ئەو پرۆسەیەی هەمیشە لە بەرەوپێش چووندایە و هیچ هێزێک نەیتوانیوە ببێتە مایەی ئەوەی لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی لای بدات و لە کەنارێکدا بگیرسێتەوە. ئەگەر لە قۆناغێکدا ساتمەی کردبێ، بە دڵنیاییەوە، ئەو ساتمەیەی کردووە بە هۆکار و هاندەری هەستانەوە و پتر گەشەکردن و بە گوڕوتینی ترەوە، ڕابوردوو بەجێ بهێڵێ و پەرەبستێنێ.

زانست لە خۆیدا فۆرمێکی ڕۆشنبیرییە و ئامانجێکی سەرەکی مرۆڤە. لەگەڵ فەلسەفەدا دوو دامەزراو و پێکهاتەی کولتووری پێکدەهێنن لەگەڵ ئەمەشدا دوو بابەتی ئەوپەڕی لە کەرەستە و ئەرک و ئامانجدا لە یەکتری جیاوازن. ئەگەر هەردووکیان بکرێن بە یەک، یان یەکێکیان سروشت و خەسڵەتی ئەوی تریانی بەسەردا بسەپێنرێ، هیچیان ئەو بابەتەی جارانیان نامێنن، زانست لە فەلسەفە جیایە.

بە پێچەوانەی فەلسەفەوە، هەست و سۆز و هۆش لە زانستدا ڕۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕن و ناتوانن بە هیچ جۆرێک جێگەی ئەزموون و تاقیکردنەوە (تەجرەبە) و تاقیگە (لابۆر) بگرنەوە، خودی زانا خۆی ڕۆڵێکی ئەوتۆی ناکەوێ. سەرنجدان، تاقیکردنەوە ئامرازی زانستن، چالاک و کاران، ئەنجامی دیار و هەست پێکراویان لێ دەکەوێتەوە! لە سەرنجداندا ناوەڕۆکی هەستێک دەبێ بە کەرەستەی تاووتووکردن و توێژینەوە. بابەتێک کە لەبەردەستدا نییە، ڕێگە بۆ کەوتنەوە و پەیدابوونی خۆش دەکرێ. ئەو کارەی سەرنجدانە کە لە خۆیدا چالاکییەکی تایبەتییە هەمیشە مەبەستێکی دیاریکراوی لەپێشەوەیە، ئیتر ئەو مەبەستە پرسیار بێ کە بەبیری زاناکاندا دێت، یان کێشەیەکی تیۆری گریمانە کراوە، دەبێ بەلایەکدا بخرێ و یەکلایی بکرێتەوە و بنەخشێنرێ! ئەو چالاکییە پشت بە چەند بنەما و بنچینەیەک دەبەستێ. ئەو ئەنجامانەی دەکەونەوە، دەکرێ و دەشێ وەک چەند دەستەواژەیەک، هاوکێشەیەک سەرنج بدرێن کە جۆرە پێشبینیکردنێکیان تێدایە و بەهۆی پێودانگی (کریتێریا – پێوەر) ڕاستی و ناڕاستییان ساغ بکرێتەوە.

– ئەو بۆچوونە بابەتی زانست و چەند لقێکی

فەلسەفە دەگرێتەوە، ئەگەر کانت وتەنی، ژێری مرۆڤ هەمیشە ناسرەوێ، سنووری توانست و برکردنی خۆی دەبەزێنێ و لەو چالاکییەیدا بابەتی میتافیزیک پەیدابێ، ئەوکاتە تارادەیەک ڕەخنەکانی زانست و گازندەکردنی فەلسەفە (میتافیزیک) گەرموگوڕی خۆیان لە دەست دەدەن و کاڵ دەبنەوە.

کەواتە مرۆڤ چاوەڕێی چی لە زانست و فەلسەفە دەکات؟ میتافیزیک لە زانست چاوی پێ هەڵنایەت چی لە مرۆڤ دەوێ؟

- ڕەخنەکردنی میتافیزیک لە جێگەی خۆیدا نییە، چونکە ئەو بابەتە ئەنجامە و هۆکار نییە. بۆ دەبێ لێپێچینەوە و ڕەخنەکردنەکە بخرێتە پارسەنگی ژێری مرۆڤەوە، کەچی خۆی هۆکاری داهێنانی ئەو میتافیزیکەیە.

- میتافیزیک کە لقێکی دێرینی فەلسەفەیە، پوختە و گەوهەری سروشتیبوونی کولتوور و شارستانیەتی مرۆڤ، بە کردار و ژیانییەوە، بە بیرکردنەوە و خواست و ڕاز و نیازییەوە، بەرجەستە دەکات. هەر ئەو لایەنە هزری و ژێری و دەروونییەی مرۆڤ دەچنە ژێر باری ئەرکی پەیدابوونی ئەو لقەی فەلسەفە، کەوابوو ئەو ڕەخنەیەی زانست دەیگرێ، بە هیچ پێوەرێک تۆزی ڕێگەی میتافیزیک ناشکێنێ، بەڵکوو دەخرێتە پارسەنگی مرۆڤی نیگەران و داماو لە بەرانبەر گرێکوێرە و نهێنییە حەپەسێنەر و سەرسوڕهێنەرەکانی ژیان کە کردنەوەی و یەکلایی کردنەوەیان ئەگەر کێشەکە سەخت و ئاڵۆزتر نەکەن، هیچ جۆرە دڵنیاییەک بە ناخی وورووژاوی مرۆڤەکە نابەخشن! هەوڵدان بۆ بە زانستکردنی میتافیزیک، یان دوورخستنەوەی لە پاوانی فەلسەفە و زانست، بە کەم دانانی توانست و سروشتی ژێری مرۆڤە کە خۆی لە خۆیدا هەمەڕەنگە (بەپێنج هەستەکانەوە)، سەپاندنی یەکڕەنگی بەسەریدا پەسند ناکات. بوونی میتافیزیک بە بابەتە ترانسندێنتییە سنووربەزێنە هەمەجۆری و پرسیار و میتۆدە تایبەتییەکەوە، بەسەرکەوتن و ساتمە و نوشستی و گیرخواردنییەوە، بەشێکە لە بوونی تایبەتی مرۆڤ خۆی و لەخۆیدا و ئەو پرۆسە نەسرەوتەی پشتڕاست دەکاتەوە.

- فەلسەفە جۆرێکە لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی و لقەکانی دیکەی کولتوور و شارستانی مرۆڤ، بەندە بە کات و جێگەی دیاریکراوەوە (ڕەهەندە مێژووییەکە) ئامانج و ئەجێندای تایبەتی خۆی هەیە کە بە درێژایی پرۆسەی نەسرەوتی مێژوو کارا و چالاکانە چووەتە ژێر بارییەوە. هەر ڕێبازێکی فەلسەفە کە پەیدا بووە، کۆرپەی ئەو کۆڕ و کۆمەڵە و ژینگە و دەووروبەرە بووە کە تێیدا گۆش کراوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان کە لە سروشتی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە، ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایدیۆلۆجی و سیاسی سەردەمی خۆی و دەرکەوتە سەرتاپاگیرە زانستییەکانی دەووروبەر دەردەبڕێ.

- بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستییەی قسەی لێوە کرا، لاری لەوە نییە کە لە سەردەمی هەردوو شۆڕشی زانستی — تیۆری کوانتەمی ڤێرنەر هایزبیرگ و تیۆری ڕێژەیی (تایبەتی و گشتی) ئەلبێرت ئاینشتاین، ناگونجێ و ناکرێ فەیلەسووف وەک جاران بە ڕێگەی ڕامان و وردبوونەوە و هزرینی ڕووت و پەتییەوە، بەبێ سوودوەرگرتن لە گۆڕانە سەرتاپاگیرە زانستی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کە ژیان و جیهانیان هەژاندووە و کردوویانە بە گوندێکی بچووک، نەزم و سیستمێکی پەسندی فەلسەفە ڕەنگی برێژرێ! سەردەمی ئەفلاتوون و ئەرستۆ و

کانت و هیگڵ بەسەرچووە و مێژووش بە ڕووداوە ڕۆژوزەوەندەکانی جارێکی دی دووبارە نابێتەوە. سروشت تەنیا هەر یەک جار لە ئارادایە و نابێ بە دوو.

لە بەرانبەر ئەو ڕەوشی چارەنووسەی فەلسەفەی سەردەم، وەنەبێ زانست بە هەردوو ڕەهەندی تیۆری و پراکتیکی وەک بەرزەکی بانان بەبێ ئارەقە لێی دەرچووبێ.

قسەکەی هوسەرڵ کە (ساڵی ١٩٢٩ز) دەربارەی زانست کردوویەتی، بە تەواوەتی ڕەوشەکە ڕوون دەکاتەوە:

ڕەوشی سەردەمی زانستە ئەورووپاییەکان پێویست بە وردبوونەوەیەکی ڕیشەیی دەکات. ئەوان لە بنەڕەتدا باوەڕهێنان پێیان و بە واتا و دەلالەتە ڕەهاکانیان لە دەست داوە. مرۆڤی سەردەم وەک مرۆڤی سەردەمی ڕۆشنگەری نەماوە، کە ئەو لایەنە لە زانستدا ببینێ کە زانست ئەو کولتوورەی ڕەنگی ڕشتووە بە جێگیرکردن و بە بابەتییانەکردنی ژیری مرۆڤ بێت. (هوسەرڵ: ١٩٨١، ل٣ و ٤ بە ئەڵمانی).

بەو پێیە و پشتئەستوور بە قسەکەی ڕابەری فەلسەفەی فێنۆمینۆلۆجی ترانسندێنتالی باوەڕ بەوە نەماوە کە زانست دەستەبەری گەیشتنە ڕاستی (هەقیقەت) دەبێ! ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێ، بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەو هەڵوێستە، ئەو پرسیارە سەرئاودەکەوێ و وەڵامەکە ئەگەر لە چوارچێوەی ئەم نووسینە نەچێتە دەرەوە، وا ئاسان نادرێتەوە و یەکلایی ناکرێتەوە. چ لایەنێکی ئەنجامە بە دەست هاتووەکانی زانست ئەو باوەڕپێهێنانەی لە دەست داوە و مرۆڤی تووشی بێ ئومێدی و ڕەشبینی کردووە. تا چ ڕادەیەک ڕابەرانی فەلسەفەی ئیگزیستینتیالیزم بە باڵی (هایدیگەر و سارتر) سوودیان لەم قسەیەی هوسەرڵ وەرگرتووە؟ لەپێشترین شۆڕەسواری فەلسەفەی دانیمارکی سەرقافڵەی مرۆڤایەتی شەیدا، سورێن ئابای کیرکەگارد قسەیەکی لەو جۆرەی کردووە:

– ئەو گازندەکردنەی زانست لایەن و سروشتە زانستییەکەی ناگرێتەوە، بەڵکوو ئەو لایەنە دەکاتە ئامانج کە دەلالەت و هەڵوێستەکەیەتی بەرانبەر بە بوون و کێشەکانی ژیانی مرۆڤ. لەگەڵ ئەوەشدا لاری لەوە نییە کە ئایا بەبێ بوونی زانست و دەسکەوتەکانی، بوونی مرۆڤ و جیهان واتایەکیان دەمێنێ؟ ئایا دەکرا ئەو کولتوور و شارستانیەتەی لە ئارادایە، بەبێ زانستەکان چاوەڕێ و وێنا بکرێت؟


**سەرچاوە و پەراوێز:**

1 – Edmund Husserl: Die Krisis der europaischen Wissenschaften und die transzendentale Phaenomenolgie Meiner 292. Hamburg 1996.

2 – E. Husserl: Formale und traunszetale Logik. S. 4.5. Auflag. 2. Tubingen 1981.